ئەدەب و کولتوور
ڕووداو

# کتێبێك لەبارەی ژیان و فیلمەکانی گیونەی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبێک لە بارەی ژیان و فیلمەکانی یەڵماز گیونەی بە زمانی کوردی کە بەرهەمی ناوەندی غەزەلنووسە، بەم نزیکانە بڵاوە کرێتەوە. کتێبەکەیە، کارزان کاردۆزی کە نووسەری کتێبەکەیە، لە ئەکاونتی خۆی لە فەیسبووک نووسیویەتی: "پەرتووکی یەڵماز گیونەی لە چەند هەفتەیەکی دیکەدا لەلایەن ناوەندی غەزەلنووسەوە بڵاوە کرێتەوە، لە پەرتووکەکەدا شیکاری ورد کراوە بۆ ژیان و فیلمەکانی گیونەی. یەڵماز گیونەی یەکێکە لە سەد دەرهێنەرانی زنجیرە پەرتووکی (سەد ساڵ سینەما، سەد دەرهێنەر)، زنجیرەکە لە بیست پەرتووک پێکهاتووە، هەر پەرتووکێک پێکهاتووە لە پێنج دەرهێنەر، شیکاری ورد کراوە بۆ گشت فیلمەکانی ئەم سەد دەرهێنەرە و ژیانیان لە ساتی لە دایکبوونەوە تا مردن". یەڵماز گیونەی لە یەکی نیسانی 1937 لە گوندێکی باکووری کوردستان لەدایکبووە. دەرهێنەر و نووسەر و ئەکتەرێکی بەناوبانگی کورد بوو. گیونەی بە باوکی سینەمای کوردی دادەنرێت و چەندین خەڵاتی جیهانی لەو بوارەدا بەدەستهێناوە کە گرنگترینیان خەڵاتی فێستیڤاڵی (کان) بوو بۆ فیلمی ڕێگا لە ساڵی 1982. گیونەی لە ساڵی 1965 دەستیکرد بە بەرهەمهێنانی فیلم، کاری دەرهێنانی بۆ 25 فیلم کردووە. ساڵی 1984 بە نەخۆشیی شێرپەنجە لە پاریس کۆچی دوایی کرد.







# کتێبی "لەم تیرۆریستە ڕزگارم بکەن" دەکرێتە کوردی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

کتێبی "لەم تیرۆرستە ڕزگارم بکەن" کە لە نووسینی هاشم ساڵحە، لەلایەن هەورامان وریا قانعەوە دەکرێتە کوردی و دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

کتێبەکە، زنجیرە وتارێکی هاشم ساڵحە کە پێشتر لە ڕۆژنامەی (شرق الاوسگ) بڵاوکراونەتەوە. هەورامان وریا قانع لە دووتوێی کتێبێکی 108 لاپەڕەییدا کۆی کردوونەتەوە و چاپی کردوون.

بەشێک لە بابەتەکان تایبەتن بە فیکری ڕۆشنگەری. بەشەکەی دیکەی تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر شاعیرانی وەکو رامبۆ، ئەلفرێد دۆمۆسێ و لامارتین و بیرمەندی وەکو مونتینی، هەروەها قسەکردن لەسەر مێژووی ئەدەبی فەڕەنسی و قۆناغی ڕێنیسانس و سوریالیزم.

یەکێک لە وتارەکانی نێو کتێبەکە تایبەتە بە "تیرۆری زمان" لەلایەن هەڵەچن و ڕێنووسکارەکانەوە. هاشم ساڵح لە وتارەکەیدا کتێبێکی خۆی بەناوی "راپەڕینەکانی عەرەب لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی مێژوو" بە نموونە هێناوەتەوە کە چۆن هەڵەچنێک دەستکاری هەموو کتێبەکەی کردووە بە جۆرێک کاتێک کتێبەکەی بینیوەتەوە، خەریک بووە لە پێستی خۆی بێتە دەرەوە.

هاشم ساڵح دەڵێ: "مەترسیدارترین دوژمنەکانی زمانی عەرەبی کەسە گوماناوی و رقاوییەکان نین، بەڵکو کەسە گەمژە و خۆبەشتزانەکانن، مەترسیدارترین دوژمنی زمان ئەوانەن، لێناگەڕێن زمان هەناسە بدات و تازە ببێتەوە و بەرەو پێشەوە بڕوات، وەڵڵا ئەوانە زمان دەخنکێنن و بەتەواوی لەناوی دەبەن، خوانەکات".

ئارام سدیق کە رانانی بۆ کتێبەکە کردووە، بە تایبەتی باسی ئەو وتارەی هاشم ساڵحی کردووە و نووسیویەتی: "ئەوەی هاشم ساڵح بۆ زمانی عەرەبی دەینووسێت، بۆ زمانی کوردیش هەر راستە. من دەتوانم قسەکەی بەم شێوەیە دابڕێژمەوە و بنووسم: مەترسیدارترین دوژمنەکانی زمانی کوردی ئەوانەن کە تا ئێستا بە عەقڵیەتی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان لە زمانی کوردی دەڕوانن و دەستیان بە زمانە کوردییەکەی مامۆستا هێمن و هەژار و مەسعود محەممەد و شوکر مستەفاوە گرتووە و ناهێڵن نوێ بکرێتەوە".

# ژیانی پێغەمبەری ئیسلام دەکرێتە ڕۆمان

# "موحەممەد دەبێتەوە بە پێغەمبەر"

■ ئا: سیروان عەباس

نووسەرێکی ناوداری کورد ژیاننامەی محەممەد، پێغەمبەری ئیسلام دەکاتە ڕۆمان و چاپ و بڵاوی دەکاتەوە.

نووسەر و ڕووناکبیر تەحسین حەمەغەریب کە نووسەری ڕۆمانەکەیە، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بەرگی یەکەمی ڕۆمانەکە لە 90 هەزار وشە پێکهاتووە، لە وەفاتی پێغەمبەرەوە دەستپێدەکات تاوەکو کۆچکردنی بۆ مەدینە، لە کتێبی دووەمدا لە سەرەتای پێغەمبەرایەتییەوە دەستپێدەکات تاوەکو کۆچکردنی بۆ مەدینە".

تەحسین حەمەغەریب گوتیشی: "ڕۆمانەکە بەناوی (موحەممەد دەبێتەوە بە پێغەمبەر)ـە، ئامانج لەو ناونیشانەش ئەوەیە کە ئێمە هەمیشە وا هەستبکەین محەممەد پێغەمبەر لەنێوماندایە، چونکە پێغەمبەرایەتی بەردەوامە تاوەکو قیامەت.

بەرگی یەکەمی "موحەممەد دەبێتەوە بە پێغەمبەر" چاپکراوە و ئێستا سەرقاڵی نووسینەوەی بەرگی دووەمیەتی کە دەزگای زەهاوی ئەرکی چاپکردنەکەی گرتووەتە ئەستۆ.

تەحسین حەمەغەریب، یەکێکە لەو نووسەرانەی باشووری کوردستان کە زیاتر لە بواری تەسەوف و عیرفاندا دەنووسێت، مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی و تاوەکو ئێستا 45 کتێبی چاپ و بڵاوکردوونەتەوە.



## ئێمە نەوەی شەڕ و ئاشووبەکانین

# ئەزموونی "ساڵیادی لەدایکبوون"ێکی هاوبەش

سەنگەر زراری



1

باوەڕم بە ساڵیادی لەدایکبوون و مۆمکوژانەوە و مەراسیمەکانی دیکەی لەو بابەتە نەبووە و نییە، هیچ کاتێکیش یادی ڕۆژی لەدایکبوونی خۆم ناکەمەوە، لە هەمووشی زیاتر ڕقم لە وشەی (ڕۆژبوون) دەبێتەوە، نازانم ئەو وشە عەنتیکەیە لە کوێوە هاتووەتە ناو زمانی کوردی، بەڵام بەهەرحاڵ.. ئەمساڵ ئەم کورتە نووسینەم لەبارەی ئەزموونی دەستپێکی ژیانی خۆمەوە نووسی، ئەوەش لەو سۆنگەوە کە ئەمە تەنیا دەستپێکی ژیانی من نییە، بەڵکو چیرۆکی ژیانی ئەو نەوەیەشە کە هاوتەمەنی منن، یان تەمەنیان لە منەوە نزیکە.. ئەگەر زیادەڕۆییم نەکردبێ، دەتوانم بڵێم چیرۆکی ژیانی زۆربەی تاکەکانی کوردە، ئاخر هەموومان لە کەشوهەوایەکی لەم شێوە ناجێگیرەدا لەدایکبووین و پەروەردە بووین و گەورە بووین، لەوەدا زەمەن و تێپەڕینی ساڵەکان فەرقێکی ئەوتۆی نییە، چونکە بۆ کورد زەمەن بەردەوام لەناو بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە..

2

لە ناوەڕاستی بازاڕی تەیراوەی شاری هەولێر (کە کۆڵانی زراریان)یشی پێ دەڵێن، مزگەوتێکی کۆن و مێژوویی هەیە بەناوی "مزگەوتی شێخ مەلا ڕەشید". لە بەرامبەریدا قەبرستانێک هەیە بە هەمان ناوەوە، لە کۆڵانی تەنیشت مزگەوتەکەوە چەند ماڵێک بە دەستە ڕاست دەبڕی، خانووێکی کۆن هەیە، ئەمە ئەو خانووەیە کە من تێیدا لەدایکبووم، جگە لە لەدایکبوونەکە، هیچ شتێکی دی سەبارەت بەوێ نازانم، بەڵام خاڵی سەرنجکێش ئەوەیە: مزگەوت و بازاڕ و قەبرستان، کە شوێنی دژەوانەی یەکترن، لەوێ لە دەوری یەکتر کۆبوونەتەوە و دەورەیان لەیەکتر داوە. واتا من لە نێوان مزگەوت (شوێنی عیبادەت و هەوڵدان بۆ ئەم دنیا) و بازاڕ (شوێنی مامەڵە و فروفێڵ و گەرمەی ژیان) و قەبرستان (شوێنی ماتبوون و ئۆقرەگرتن و چاوەڕێکردنی حەشر و حیساب)، لەدایک بووم، لەو ڕۆژەدا ئەو کەسانەی گرنگییان بە ژماردنی ڕۆژ و ساڵ و مانگەکان دەدا، لە ڕۆژژمێری سەر دیواری ماڵ و دامودەزگاکان، خەتیان لە ڕۆژی 12/6/1981 دا و ئەو ڕۆژەشیان کردە مێژوو و لەدوای خۆیانەوە جێیانهێشت. تەنیا من نا، لەوەدا گەلێ کەسی دی هەمان قەدەری منیان هەبووە و هەیە و لەنێو ئەو هاودژییەدا لەدایک بوون و لەدایک دەبن.

3

زللەیەکی وای لە پشتی ملم دا، ئاگری لە چاوم بڵند کرد، نە پێش ئەوکاتە و نە تا ئێستاش زللەی وام نەخواردووە، باوەڕ ناکەم لەمەودواش دووبارە بێتەوە، سەرم هەڵبڕی و تەماشام کرد، خۆی بوو، بەڵێ هەوبوو، من ئەوکات زۆر لێی دەترسام، زەردەخەنەیەکی سەیری بۆ کردم، زەردەخەنەکەی وەکو ئەوە بوو گاڵتەم پێ بکات، منیش لە ترسا یەکپێ هەڵاتم، نازانم بەرەو کوێ، ئیتر ئەوسەری هەڵاتنەکەم لێوە دیار نییە.

4

بە جۆرێکی سەیر جگەرەی دەکێشا، بەپەلە مژی لە جگەرەکەی دەدا و تەماشای سۆتەکەی دەکرد... تا جگەرەکەی تەواو دەبوو، ئەمەی دووبارە دەکردەوە، دەیانگوت: لە زاخۆوە هاتووە. دەیانگوت: منداڵەکانی بەبەرچاوییەوە مردوون و ئەویش سەرگەردان بووە، ڕێی شارانی گرتووەتە بەر و لێرە گیرساوەتەوە. ئەوە "گوڵێ" بوو! ئەوی عاقڵەکان پێیان دەگوت "گورە شێت".. گوڵێ چ گوڵێ؟! کاتێ لاوکی دەچڕین، دەنگی ئەوەندە غەریب بوو، چواردەوری خۆی مەست و حەیران دەکرد، ئەوەی لە دەوروبەری بان، یان دۆشدادەمان و دەستێکیان بە نێوچەوانیانەوە دەگرت، یانیش تنۆکە فرمێسکی وردیان دەڕشت، ئاخر ئەو لاوکی بۆ غەریبیی خۆی دەچڕی، باسی حاڵ و باری خۆی دەکرد و کەم کەس هەبوو غەریبایەتی خۆی لەناو لاوکەکانی گوڵێدا نەبینێتەوە!

5

لەو هەموو شار و وڵاتەی کوردان، لەم سەرزەمینە پانوبەرینەی خوا، "گوڵێ" لەبەردەمی ماڵی ئێمەدا گیرسابووەوە، زۆربەی کاتەکانی لێرە بوو، ئێرە ناوەڕاستی جادەی سورچیانە، ئەوەی لەسەر شەقامی شەستمەتری، لە تەنیشت مزگەوتی سپییەوە بۆی دەچی، لە ناوەڕاستی جادەی سورچیان و بەدیوی دەستەچەپ، لەوێش لە ناوەڕاستی ریزە دوکانێکدا، دەرگایەکی بچووکی خانووێک هەیە، ئەو دەرگایە ماڵی ئێمە بوو، ماڵێکی دووژووریی گچکە و حەمام و ئاودەستێک، جگە لەو زللەیەی "گورە شێت"
لێیدام، لەودەمەی کە
لەبەردەم ماڵی خۆمان
و لەو کاتەی دەستم
لە عاموودی کەپرێکی
بەردەم دوکانێک
وەرێنابوو، بەدەوری
عامموودەکەدا دەسووڕامەوە،
هیچی دیکەم لەو ماڵە بیر
نەماوە، ڕەنگە تەمەنم چوار پێنج
ساڵێک بووبێ، هەردەبێ
ئەوەندە بووبێ، چونکە
نەچووبوومە مەکتەب و باپیرم
گوتەنی نەببوومە "مەکتەبلی". ئەو زللەیەی گورەشێت دوورترین خاڵی ژیانمە کە بیرم مابێ، ژیانی من لە زللەی گورەشێتەوە درێژ دەبێتەوە و خۆشبەختانە لە عاقڵەکانەوە دەستپێناکات، دەنا کاولتر دەبوو! چونکە هەر شتێک عاقڵەکان دەستی تێوەردەن ئاقیبەتی باش نابێ..!

6

ئەو کاتەی پێ دەنێمە دونیا، (10) مانگە شەڕ دەستیپێکردووە، شەڕێکی بێ ئامان کە ئەوسەری دیار نییە، مانگ، مانگی حوزەیرانە و ئەو ساڵە ڕێکەوتی ڕەمەزانیشی کردووە، گەرما سەری کەچەڵان دەسووتێنێ و تینی شەڕیش بەپرچ و بێ پرچ دەماشێتەوە. هاوکات لەگەڵ شەڕی دەوڵەتان، شەڕی عەشیرەتیش سەربار و بنبار، پیاوانی مە لەگەڵ پیاوانی عەشیرەتی ئەوبەر، لە چ کونان دەست لە یەکتر ناپارێزن و ڕەحم بە یەکتر ناکەن، سەدان کەس لە شەڕی عەشیرەتدا کوژران و قوربانیانی شەڕی بەینی دوو دەوڵەتەکەش لە ملیۆنی ڕەتی دا.

7

ئەوەی من لەو شەڕەم بیر مابێ، تەنیا دەنگی ئینزارە، ئینزارێک گوێیەکانی کاس دەکرد و دڵانیشی لە ترسان هەڵدەلەرزاند. دەنگی ئینزار لە گوێمەوە دێت، دەنگێک تا ئەوپەڕی درێژ دەبێتەوە، بەڵام وێنەکان تەڵخ و لێڵن و خۆ بەدەستەوە نادەن، دەنگی ئینزار بە گوێم ئاشنایە، بەڵام جگە لە یەک وێنەی ڕۆژانی ئینزار، ئەوانی دیم نایەنەوە بیر.

8

لە کۆتایی جادەی سوورچیان، کۆڵانی بەرامبەر "مزگەوتی حاجی هاشم" دێیە ژوورەوە، تا کۆتایی کۆڵانەکە ڕاناوەستی، ئینجا بەدەستە ڕاست دەسووڕێیەوە و هەر بە دەستی ڕاست دووەم ماڵ، خانووێکی کلاسیکی، کە لە دەرگا دەچییە ژوورەوە ئاودەست و حەمام و مەتبەخ لە ریزێک و دوو ژووریش لە بەرامبەریان، وەکو زۆربەی خانووەکانی دیکەی ئەو کات.. ئێمە لە ژوورەوەین، دەنگی ئینزار دێت، دەنگەدەنگ لە کۆڵان بەرز دەبێتەوە، گەڕەک دەتۆقێ، شار تێکڕا دەخرۆشێ و لەترسا دەلەرزێ... دەبێ چی رووبدا خوایە..؟!!!

9

دوای قیژە ترسناکەکەی ئینزار، دایکم دەستمان دەگرێ و بەرەو دەرەوە ڕادەکەین، لەبەر دەرگای حەوشە ڕادەوەستین و چاو دەبڕینە ئاسمان، دەنگی ئینزار بەردەوامە، دەنگەکە دەبڕێتەوە و ئەمجارەیان زیاتر گوێ هەڵدەخەین بۆ ئەوەی گوێمان لە گرموهۆڕی تەیارەکە بێ کە بۆردومان دەکا، نازانم دەنگەکەی دەگاتە ئێمە یان نا، بەڵام دەزانم بۆردومانەکە دوورە و ئێمە ناگرێتەوە، خەڵک هەموو لەبەر دەرگاکانیانن، لەبەر ئەوە ڕایانکردووەتە پێش دەرگا، نەکا لە کاتی قەسفی تەیارە، خانوویان بەسەردا خاپوور بێ، کە دەزانن دوورە، ئاهێکیان وەبەردا دێتەوە و ئاخ و داخ بۆ یەکتر هەڵدەڕێژن.

10

دەنگی ئینزار کۆتایی هات، بەڵام شەڕ نا، شەڕ نە کۆتایی هات و نە کۆتایی دێت، ڕژێم شەڕی دیکەشی بەرپاکرد و سەرنەکەوت، نۆرەی کوردان هات، کورد هێشتا جێدانیشتنیان گەرم نەببوو کەوتنە ناو یەک و شەڕێکی بێ ئامانیان لە نێوان خۆیاندا بەرپا کرد، ئەویش تەواو بوو،
شەڕی دی دەستیپێکرد، شەڕەکان نەبڕانەوە و
نەبڕانەوە... پێشناچێ ببڕێنەوە.
ئێمە نەوەی دەنگی ترسناکی ئینزارین..
ئێمە نەوەی شەڕ و ئاشووبەکانین..



## ڕۆمانەکان بۆچی دەنووسرێن؟

حەمە مەنتک




مەبەستم لەم پرسیارە ئەوە نییە، بۆچی مرۆڤ پەنا بۆ گێڕانەوە دەبەن، هێندەی مەبەستمە ئەو پرسیارە لەبارەی ڕۆمان وەکوو ژانرێکی نوێ بکەم. دەکرێ بە شێوەیەکی دیکە پرسیارەکە بکەین: بۆچی ڕۆماننووسان ئەم ژانرەیان بۆ گوزارشتکردن داهێنا؟ ئەگەر بۆ سەتەی شازدە بگەڕێینەوە، ئاشکرایە مرۆڤایەتی لە کێشەیەکی قووڵ و گەورەدا دەژیا، ئەویش بەهۆی ئەو شێوازە دەسەڵاتە ئایینییەی کۆی ئەورووپای داگیر کردبوو. لە سەتەی شازدەوە سەردەمی ئایین وەکوو کۆی دەسەڵاتەکان بەسەر دەچێت، سەردەمی دنیایی دێت. لێرەوە مرۆڤ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دیکە گوزارشت لە خۆی وەکوو خود و وەکوو مرۆڤ بکات، ڕۆمان دەنووسێت. دەمەوێ بڵێم چیدیکە مرۆڤ نایەوێت، وەکوو پاڵەوان و خواوەند و هێزی لە توانابەدەر دەرکەوێت. لێرەوە مرۆڤ دەیەوێ سروشتی چۆنە وەهای نیشان بدات، سروشتی خۆی لە دنیایەکدا کە هێزی خواوەندەکان نائامادەن، یان جێی گومانن، پیشان بدات. بەڵگەیشمان بۆ ئەوە، دەبینین (دۆن کیشۆت) چۆن قەشمەری بە پاڵەوانبازی و هێزی لە توانابەدەری مرۆڤ دەکات. دەبینین (دۆن کیشۆت) وەکوو مرۆڤێک، گەر بیەوێ وەکوو پاڵەوانێک خۆی دەربخات، چۆن دەبێتە قەشمەرجاڕی خەڵک، چۆن ئاشی بای لێ دەبێتە قەڵا. بە بڕوای (ئەرنستۆ ساباتۆ) لە کتێبی (نووسەر و تارماییەکانی)دا، لە سەردەمی نوێدا مرۆڤ هێندە بەدەست تەکنەلۆجیا و پێشکەوتنەوە گرفتارە، بەرەو هەرەس و لەناوچوون دەچێت، بۆیەش چیدی خەیاڵی ڕەها و شارستانیەتە ئەفسانەییەکان نەبوونە مەیدانی مرۆڤەکان، بەڵکوو ویژدان و دەروونی مرۆڤ بووە مەیدانی ململانێ. چیدیکە ئەفسانەکان نەیانتوانی دوودڵی و ڕاڕایی کۆمەڵایەتی و میتافیزیکی مرۆڤەکان پیشان بدەن. ڕۆماننووسێکی وەکوو (میلان کۆندێرا) لە هەرسێ کتێبی (هونەری ڕۆمان)، (پەردە) و (وەسیەتە خیانەتلێکراوەکان) کە خۆشبەختانە هەرسێکیان لەلایەن (کەریم پەڕەنگ)ەوە بە کوردی کراون، بە وردی باس لە چۆنیەتی نووسینی ڕۆمان دەکات. لە کتێبی (هونەری ڕۆمان)دا زۆر بە وردی ئەرکی ڕۆمان دیاری دەکات: "تاقە پاساوی بوونی ڕۆمانێک لەوەدایە کە لایەنێکی نەناسراوی ژیان بدۆزێتەوە، نەک تەنیا هەر ئەوەندە، بەڵکو لایەنێک کە تەنیا ڕۆمان دەتوانێ بیدۆزێتەوە. ڕۆمانێک تا ئێستا بوارێکی نەناسراوی بوون نەدۆزێتەوە بێ مۆڕاڵە. مەعریفە تاقە مۆڕاڵی ڕۆمانە". [هونەری ڕۆمان، ل30].

کەواتە ئەوەی کتێبێکی فەلسەفی، یان تێزێکی فەلسەفی دەیکات، ڕۆمانیش دەیکات. ڕاستە ئەم قسەیەی (کۆندێرا) قسەیەکی گردەبڕ نییە، بەڵام ئەوەی (دۆن کیشۆت) لەبارەی سەرکێشییەوە دەیکات، کێشەی مرۆڤ نییە؟!
گەڕان بۆ کات و شتە لەدەستچووەکان لە
کن (مارسێل پرۆست) پرسیاری مرۆڤ
نییە؟! ماڵئاوایی لە چەک و جەنگ لە کن
(هەمینگوەی) و ئارامکردنەوەی بەرەیەکی
جەنگ چ لە خۆرئاوا، یان خۆرهەڵات لە
کن (ئێریش ریمارک) هەوڵ و تێزەکانی
مرۆڤ نین؟! کەواتە ڕۆماننووسین
هەوڵێکی بووnناسانەیە بۆ دۆزینەوەی
وەرام بۆ هەموو کێشە وجودییەکان.
(ئالان ڕۆب گرێ) لە وتاری
(من دەنووسم تا بزانم چۆن
دەنووسم)دا لەبارەی ئەوەی بۆ
ڕۆمان دەنووسێت، یان نووسینی
ڕۆمان بۆ! دەڵێت: بە بڕوای
ئێمە ڕۆمان تەنێ توێژینەوەیە،
بەڵام توێژینەوەیەک نازانێ
لەبارەی چییە و مەبەستی چییە. ئەم قسەیە ئەرکی ڕۆمان دیاری دەکات، مەبەست ئەوە نییە، نووسینی ڕۆمان کارێکە بێ پلان و مێتۆد، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لەبارەی هەموو شتێک، دەتوانێ توێژینەوە لە هەموو بابەتێکدا بکات. ڕۆمان بۆیەش دەنووسرێت، تاکوو ئەو کتێبانەی ناتوانن بگەنە هەموو جێیەک بۆ کەشفکردن، ڕۆمان ئەوە دەکات. لێرەوە ڕۆمان بە ماوەیەکی کەم بووە ڕکابەری شیعر، تەنانەت هێندێ ڕەخنەگر کاتی مەرگی شیعریان دەستنیشان کرد، چونکە سەتەی بیست چیدیکە شیعر نەیتوانی واقیعێکی جوانتر و باشتر لەو واقیعەی هەیە بۆ مرۆڤ دروست بکات. ئەو ئەرکە ڕۆمان خستیە سەرشانی خۆی، وەکوو (گوڵشیری) لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: ڕۆمان واقیعێک بەرانبەر ئەو واقیعەی لە جیهاندا هەیە دروست دەکات. دروستکردنی ئەو واقیعە هەوڵێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی لەم واقیعەی تێیدا دەژی ڕزگار بکات. کەواتە ڕۆمان لە سەتەی شانزەوە هەتا ئێستا ڕزگارکەری مرۆڤە، مرۆڤ دەتوانێت فەلسەفە، سیاسەت، کولتوور، شارستانیەت، ئابووری...تاد لەناو ڕۆماندا جێ بکاتەوە و باسی بکات.

ئەم بەردەوام گەشەکردنەی ڕۆمان لەخۆوە نەهاتووە، وەکوو (کۆندێرا) دەڵێت: هەموو ڕۆمانێک وەڵامێکە بۆ ڕۆمانی پێش خۆی. ئەوەی زۆر گرینگە ڕۆمان مرۆڤ لە لەبیرکردن، لە لەبیرچوونەوە دەپارێزێت. ڕۆمان پاسەوانی مەعریفەی ژیانی مرۆڤە، جودا لەوە ڕۆمان هەوڵی کەشفکردنی ژیان دەدات. خوێنەر لەڕێی ڕۆمانەوە فێر دەبێ، زانیاری دەست دەکەوێ. ڕۆمان فێرمان دەکات بیرکردنەوەی کەسایەتییەکان بخوێنینەوە، چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرمان بکەین. کەواتە ڕۆمان دەتوانێ لە جیاتی سایکۆلۆجیا و سۆسیۆلۆجیا هەوڵی فێرکردنمان بدات، ئەوەی ئەوان پێمان دەڵێن، ڕۆمانیش دەتوانێ پێمان بڵێت. ڕۆمان گێڕانەوەیەکی هەروا سادە نییە، بەڵکوو لەوە ئاڵۆزترە کە بیری لێ دەکەینەوە. ڕۆمان پێمان دەڵێت، شتەکان زۆر لەوە ئاڵۆزترن کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە. کەواتە سەردەمی ڕۆمان سەردەمی شتە ئاڵۆزەکانە. ئایا ئەوەی (کافکا) لە ڕۆمانەکانیدا وێنای دەکات، قسەکردن نییە لەسەر ئەو سیستەمەی مرۆڤی گوێڕایەڵ کردووە؟ سەردەمی ئێستامان مرۆڤی گوێڕایەڵی بەرهەمەکانی کردووە، ئایا مرۆڤ گوێڕایەڵی مۆبایل، ئینتەرنێت، سیستەمی فەرمانگەکان نییە؟ بێگومان گوێڕایەڵە، ئەوەی (کافکا) لە سەرەتای سەتەی بیستەم لە (بەدگۆڕان)، (کۆشک) و (دادگە)دا وێنای کرد، بە درێژایی سەتەی بیستەم هاتووەتەدی، تەنانەت لە سەتەی بیستویەکدا قووڵتر دەبێتەوە. کارەکتەری (سامسا) سەرەڕای بوونی بە قالۆنچە، خەمی ئەوەیەتی چۆن بگاتە نووسینگەکەی. مرۆڤی ئەم زەمەنە هەموو خەمی ئەوەیە بارگەی مۆبایلەکەی تەواو نەبێت. ڕۆمان کولتوورە، ڕۆمان هەمیشە کاری مەزن دەکات، ڕۆمان ئەو زەمینەیەیە، کە مرۆڤ دەتوانێ واقیعێکی تێدا دروست بکات، جودا لەو واقیعەی تێیدا دەژی. کەواتە دەبێ ڕۆژێک بێت مرۆڤ چیدیکە ڕۆمان نەنووسێ؟ ئایا ڕۆمان ون دەبێ؟

# تکایە بەرۆکی زوانی کوردی بەردەن

ژیڤان خۆرانی



کورد بەبێ زانین لەبارەی هەموو شتێکەوە دەدوێ، بێتامترین ئەو بابەتانەی کە زۆر جار دەبێتە هۆی شەڕ و ناخۆشی و دڵشکان، بابەتەکانی (ئایین، سیاسەت، وەرزین)ن. چونکی زۆربەی دەزگەکانی راگەیاندن، بە "بینراو، بیستراو، خوێنراو"ەوە، زێتر ئەم بابەتانە دەوروژێنن. هەمیشە خەڵکی بەم بابەتەیلی پاتەوەبووانە سەرنجکێش دەکەن. بۆیە ئەم سێ تەوەرە لە قەبارەی خۆی زێتر گەورە کراون. کەمترین بەرنامە بۆ زمان و ئەدەب و فەلسەفە و زانستە جوداکانی سەردەم و دێرین، تەرخان کراون. خەڵک بۆ نەزانین ئاراستە دەکەن، نەک هۆشیاری.

هەر لەبەر ئەوەیشە کورد ئەم سێ تەوەرەی لێ بستێنەوە، بە پەنجە لەناو دەمیدا بگەڕێ، زمان نابینییەوە، ئەوانیش ناهەقیان نییە، چونکی سەرانی کورد ئاوهایان ئاراستە دەکەن، (بێ ئەدەبی نەبێ) شوان بە ئارەزووی خۆی مەڕەکانی دەلەوەڕێنێ، ئەو بیانباتە ناو بێستانی خەڵکیش، ئەوان گەرەکیانە زگیان تێر بکەن. کوردیش پێویستی بە کات تێپەڕاندنە، دەگمەنن ئەوانەی چاویان دەبینێ و خەمی ئەم بابەتە هەستیارانەی کۆمەڵگە لە کۆڵیان دەنێن. وەک ئەو دوو زیندانییەی لە هۆدەیەکدا زیندانی کرابوون، ئەوەی تەک دیوار لە ئەوەی کن پەنجەرەی دەپرسی "چی لەودیو پەنجەرەکەوە دەبینی؟" ئەویش دەیگوت "مێرگ!" دوای مردنی ئەوەی کن پەنجەرەکە، زیندانییەکەی تەک دیوار هاتە شوێنی ئەو، لە سەربازەکەی پرسی "چی لەو دیو پەنجەرەکەوە دەبینی؟" ئەویش گوتبووی ئەم ژووره پەنجەرەی لێ نییە!" کاورای تەک دیوار یەکسەر زانی، چون خۆی کوێرە، بۆیە بڕوای بە زیندانیی کن پەنجەرەکە کردووە!

کارەساتی نووسەران و مامۆستایانی زانکۆ ئەوەیە، سەتا نۆهەتیان هیچ لەبارەی بابەتەیلی زوانەوانیی کوردییەوە نازانن. ژبەر هەندێ هەر کەس، بە رێنووسی کۆڵانەکەی خۆی دەنووسێ. ئاخەر ئەگەر وشە و رستەت نەناسی، نەتزانی وشەی سەربەخۆ و ناسەربەخۆ کامەن، ئاوها وەک ئێستە زوانی کوردی و بابەتەکانی زوان، دەبێتە گاڵتەجاڕی منداڵە وردکان. ئەوەی بێتاقەت بێ دێ باسی رێنووس دەکات، ئەوەی دەگەڵ ژنەکەی بە شەڕبێت، داخەکەی بە وشە و بێژەی کوردی دەڕژێنێت. کارەساتی گەورەتر ئەوەیە، هیچ لەو بابەتانەی سەرەوە نەزانی یان تەنێ سەروگوێی بشکێنی، بڵێی فلان وشە فارسییە، فیسار وشە عارەبییە.

زوانەوانی زانستێکی نوێیە، ئەم زانستە لە سەتەی رابردوودا، زانایان درکیان پێ کرد، لە زانستەکانی تری زوان جودایان کردەوە. لقێک لەم زانستە (لێکسێکۆلۆجی)یە.

### چەمکی لێکسێکۆلۆجی:

لە زوانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، لە دوو وشە پێکهاتووە، بەشی یەکەمی (لێکسیک) و پشکی دووەمی (لۆجی) بە واتای (زانست و کۆڵینەوەی فەرهەنگی وشەکانی زوان) دێت. (Lexiconlo-gy).

لێکسێکۆلۆجی چەشنی زانستێکی زوان، لە رووی داڕشتن و گەشە و گۆڕانی واتا و فرەواتا و هاوبێژەکانی وشەوە، گرنگیی بە وشە دەدات. کەواتە گرنگیی بەو سەرچاوانە دەدات کە وشەکانی لێ دروست بووە و دەیانخاتە بەر تیشکی کۆڵینەوە، لەگەڵ ئەو گەشە و گۆڕانانەی بە درێژایی مێژوو بەسەریاندا هاتووە، لەگەڵ جیاکردنەوەی وشەی رەسەن و نارەسەن و لە دایکبوون و بەکارهێنان و مردنیان. کاکڵ و کەرەستەی کۆڵینەوەی ئەم زانستە، وشەیە. ئاشکرایشە (مۆرفۆلۆجی)یش هەر لە وشە دەدوێ، بەڵام لێرەدا دەیکاتە هۆی کۆڵینەوە لە دەستوور و رێزمان، وشەسازیش هەمان شێوە کار لەسەر وشە دەکات، وەلێ بە شێوەیەکی دیکەی تایبەت. کەچی لە لێکسۆکۆلۆجیدا، کاری پێویست و گرنگ، زانین و ناسینی وشەکانی زوانە. بە واتای ئەوەی ئەم زانستە بە وردی کار لەسەر واتا و رەچەڵەکی وشە دەکات، بۆ نموونە هێندێک وشەی رەسەنی کوردی، لەگەڵ واتاکانیان دەخەینە روو:

**ئاکار: بە واتای رەوشت لە ئاوایی ئاکارەوە (چۆنیێتی کار) هاتووە.**

ئاسەوار: لە وشەی (ئاس+ وار)ەوە هاتووە، لە زوانی کوردیدا (ئاس) بە واتای رووت یان رماو، دێت. وشەی (وار) بە واتای شوێن و جێگە دێت، پێکەوە دەبنە شوێنی رماو.

ئاوێنە: لە (ئاو+ وێنە) دروست بووە، ئاوی پاک تایبەتمەندیی وێنەدانەوەی هەیە، بۆیە پێی دەڵێن ئاوێنە. لە زوانی کوردیدا (نەینۆک و قۆدی)یشی پێ دەگوترێت. فارس ئەم وشەیان لە کورد بردووە، کردوویانەتە (ئاینە) چونکی (ئاو – اب) و (وێنە – عکس)ی پێ دەگوترێت لە زوانی فارسیدا.

بەرماڵ: مرۆڤ تاوێ دەیەوێ نوێژ بکات، پێش خۆی دەماڵێت، چڵک و پیسی رادەڕفێنێ و خاوێنی دەکاتەوە، بەر واتا پێش و ماڵیش لە ماڵینەوە هاتووە.

بناخە: لە وشەکانی (بن+ ئاخ) پێکهاتووە، بن واتا ژێر، ئاخ لە کرمانجی سەروودا هەیە و دیسان وشەیەکی رەسەنە واتای خاک، گڵ، زەوین دەدات، کەواتە بناخە واتای ژێر گڵ دەبەخشێ.

زەلام: لە زل و ئادەمەوە هاتووە، چونکی لە فەرموودەکانی پەیامهێنانی رابردووی ئایینەکاندا، (ئیسلام، مەسیحی، جوو) ئادەم باڵای شەست مەتر بەرز بووە و حەفتیش پان بووە، بۆیە زل و ئادەم لێکدراوە و بووەتە زەلام.

دهۆک: لە (دە+ ۆک ی بچووککردنەوە) بە واتای گوندی بچووک دێت.

خاوێن: لە وشەکانی (خا+ وێن) ئافراوە، لە زوانی کوردیدا (خا) بە واتای هێلکە دێت، وشەی (وێن) واتە وێنە، کورتکراوەی وێنەیە. واتە وەک هێلکە پاک و سپی و بێگەردە.

کشمش: لە (کش+ مش) خولقاوە، ئاخەر کش کورتکراوەی کشکە واتە هیشک یان وشک هشک یان ویشک، فارس کردوویەتی بە (خشک). میش جۆرێکە لە جۆرەکانی مەویژ یان مێوژ، کەواتە وشەکان پێکەوە دەبێتە مێوژی وشک.

کەرکووک: لە (گەرەک + ۆک ی بچووککردنەوە) هاتووە، بە واتەی گەڕەکێکی بچووک دێت. لە کرمانجی سەروودا، دەنگی (ۆ) لەبۆ (وو) دەگۆڕێ، بۆ وێنە (بلۆک = بلووک)، بەم شێوەیە دەنگەکە سواوە و بووەتە کەرکووک.

لەبەر ئەوە کارەساتە نەزانی رەچەڵەکی وشەکە چییە و بە دڵی خۆت بڵێی ئەم وشەیە فارسییە یان عارەبییە، جارێ سێ بەشیان ئەو نیگارانەی دەنگەکانی زوانی کوردی پێ دەنووسرێ، هەموویان وا دەزانن ئەم نیگارانە عارەبین، نەخێر ئارامین، کە دەگەڕێتەوە لەبۆ پێش زەردەشتییەکان، ئاخەر ئەلفوبێی عارەبی نیگاری دەنگەکانی (پ، ژ، ڤ، گ، ڵ، ڕ، چ)ی تێدا نییە، کەواتە هەڵەیەکی رەهایە بڵێین ئەلفوبێی زوانی کوردی، لە عارەبییەوە وەرگیراوە، نەخێر ئارامییە و لە خێزانە زوانی هیندۆ ئەورووپییە، سەر بە زوانە ئارییەکانە، بێ لە زوانی کوردی، زوانەکانی (پەشتوویی، ئەسیتی، بلوجی، ئەفغانی، تاجیکی و فارسی) پێ نووسراوەتەوە.

نووسەران نەخاسمە ئەوانەی بە رێنووسی کۆڵانەکانی خۆیان دەنووسن، هەڵەی زۆر زەق لە پتیان دەردەچێت، بۆ نموونە: (لەگەڵ) واتەی (مع)ی عارەبی و (With)ی ئینگلیسی دەدات، وەلێ (لە گەڵ) ئەگەر بۆشایی (فراغ) کەوتە نێوان (لە) و (گەڵ)، واتەی دەگۆڕێ و جگە لەوەی دەوڵەمەندیی زوانی کوردی دەسەلمێنێ، واتاکەیشی بە لایەنی نەنگی دەشکێتەوە. برادەرێک رۆمانێکی وەرگێڕابوو، زیاتر لە (٥) جار وشەی (لە گەڵ)ی پاتە کردبووەوە، کە پێمگوت (لە گەڵ) هەڵەیە، گوتی: "ئەوە هەڵەی چاپە!" پەرەگراف هەبوو تێیدا نووسیبووی (لەگەڵ)، خۆیشی تایبی وەرگێڕانەکەی کردبوو. لەبۆ خۆ بواردنی هەڵە زەقەکان، خزمینە هەڵەی چاپیش بیانووێکی خاسە. بنۆڕە، ئەم دوو رستە جودان:

* هاتەوە کوردستان، نەخۆشییەکە لەگەڵی بوو.

* هاتەوە کوردستان، نەخۆشییەکە لە گەڵی بوو.

ڕستەی یەکەم واتا هاتەوە کوردستان، نەخۆشییەکەی هەبوو. رستەی دووەم واتا هاتەوە کوردستان، نەخۆشییەکەی لە گەڵی (عەورەتی)بوو. بنۆڕە بە یەک بۆشایی (فراغ)، (Space) واتای رستەکە سەتوهەشتا پلە دەگۆڕێ. لە هەمووی خۆشتر، کیژۆڵەک لە قسان شاعیرە، نووسیبووی: (ئازارێک لە گەڵمدا پیاسە دەکات!)

زۆرجار مامۆستایانی زانکۆ و ئەو نووسەرانەی لە پەنجاساڵی رابردوودا لەدایکبوون، جگە لەوەی مامۆستا پاش وانەگوتنەوەی لە زانکۆدا و نووسەر، کە ناو دەردەکات، کتێب تەڵاق دەدەن، سەرباری ئەوە یەک وشە داهێنانیان نییە، تەنێ دەخۆن و دەڕێن و دەنوون. عارەب بۆ پەیڤی زمان دوو وشەی سەرەکی دەکار دەبەن، (لسان) لەبۆ ئەو پارە گۆشتەی نێو زار، (اللغة)یش بۆ زوانی نووسین و ئاخافتن بەکاردێنن، ئینگلیس لەبۆ پارچە گۆشتەکەی نێو دەم (Tongue) بەکار دێنن، لۆ زمانی نووسین و ئاخڤینێ (Language) بەکار دێنن. زوانی دیکەیش هەیە بە هەمان شێوە وشەی جودایان بۆ زوان و زمان هەیە. ژبەر هەندێ ئەزیش چەندان ساڵە لەبۆ پارچە گۆشتەکەی نێو دەم (زمان) و بۆ نووسین و ئاخڤینێ پەیڤی (زوان) دەنووسم و گۆ دەکەم.

نووسەر گەرەکە چەشنی وەستای دیوار، کەفە و کوتک و شاوڵی لە کن بێت، ئاخەر بەبێ شاوڵ دیوار خواروخێچ دەردەچێت و بەبێ کەفە چیمەنتۆ دەستی دەڕوشێنێ؛ کوتکیش نیمەی بۆ دروست دەکات، هیچ دیوارێکیش بەبێ نیمە ناکرێت، ریز نییە نیمەی تێدا نەبێت!

نووسەریش حەوجەی بە هێندێ بابەتە، لەوانەیش رێنووس، بۆ وێنە هیچ وشەیەک لە زوانی کوردیدا بە دوو وێ (واو) دەست پێناکات، هەمان شێوە هیچ پەیڤێک بە رێی لاواز یان سووک (ر) جگە لە دەنگی خۆی، دەست پێناکات. نەخاسمە ئەمەیش خەوشێکە لە رێنووسی ئەو نووسەرانەی ئاگەداری ئەم بابەتە ورد و درشتانەی زوانەوانی نین. چونکی دێڕی هەر دەقێک جیاوەکی دەگەڵ ریزەکانی دیواردا نییە!

کارەساتی نووسەران و مامۆستایانی زانکۆ ئەوەیە، سەتا نۆهەتیان هیچ لەبارەی بابەتەیلی زوانەوانیی کوردییەوە نازانن

زوانەوانی زانستێکی نوێیە، ئەم زانستە لە سەتەی ڕابردوودا، زانایان درکیان پێ کرد، لە زانستەکانی تری زوان جودایان کردەوە




بۆیە قسەکردن لە بابەتەیلی زوانەوانی، نەخاسمە زوانی کوردی، وەک هەموو زانستەکانی دیکە پێویستی بە شارەزایی و پسپۆڕی هەیە، من ئەگەر نەزانم، لە وشەسازی زوانی کوردیدا (دەنگ، پیت، فۆن، بڕگە، ئەلۆفۆن، مۆڕف، مۆڕفیم، ئەلۆمۆڕف، فۆنیم، تاد...) چین، ئەو هەقەم نییە، بێم باسی زوانی کوردی بکەم، دەمشڕێ و بە زمان نەوێرانە! بێگومان مەبەستم کەسانی خەیاڵ پڵاوە، من، کە هیچ لە زانستی ئاسمانگەڕی نازانم، چۆن بێم باسی مووشەک بکەم؟

تۆ، کە هیچ لە زوانەکەت نازانی، دەی بۆچی دەنووسی، یان بۆچی خۆت بە (نووسەر) ناوزەد کردووە؟

دێمە سەر یاسینی گۆلکێ، هێندێک لەو وشانە دەنووسم، کە ئەو مامۆستا و نووسەرە ئاست بەرزانە، بە هەڵە خوێنەری خۆیان فێر دەکەن و تێدەگەیەنن، لە سەرەوە باسی وشە رەسەنەکانی کوردیم کرد، روونم کردەوە بۆچی رەسەنن، بۆچی زوانانی تر دەیبەن و کوردی بەستەزمانیش دەڵێن هیی وانە!

**ئەو وشانەی لە زوانی بیانییەوە هاتوونەتە ناو زوانی کوردی:**

ئێرانی (پاڵەوان، سروشت، نایاب، ئاشوب، ئاژاوەچی)، عارەوی (تام، ئەنقەست، سابیر، سەرەوەت، قەرز، رسق، زوڵم، زەخیرە، ئیزاعە، ئافرەت، خزمەت، مۆڵەت، تاد...) تورکی (قەرەداغ، قامچی، قوتی، پاقلاوە، دۆڵمە، یاپراغ، چەکوش، بوڕغی، دۆندرمە، دۆشەگ، تچمە، قوزەلقورت، تەختە، بۆینباغ، قورمیش، جەندرمە، تاد...)، عیبری (ئادەم واتە خاک، ئامین واتە راست)، یۆنانی (ئیبلیس، ئەبەنووس، فانۆس، ئەتڵەس، تاپۆ، فردەوس، قەپان)، ئینگلیزی (چاکەت، سویچ، تایتڵ، ئێشان، هۆڕن، لۆری، پرۆفایل)، چینی (چای، کاغەز)، سریانی (یەڵدا، قەشە)، فەرەنسایی (پیل، شۆستە، سەرنج، فانیلە، بلوز)، لاتینی (سڵاو، دینار، سانسۆر، کابینە)، سلاڤی (گالیسکە)، مەغۆڵ (تالان)، رووسی (کەرپووچ، سەماوەر، ئیستیکان)، دەیان و سەتان وشەی دیکە لە زوانەکانی دیکەوە هاتوونەتە نێو زوانی کوردی و لێی خوازراون. بێگومان چۆن یەکێتیی رەچەڵەکی مرۆڤ بەپێی ئایدیۆلۆجیای ئایینە ئاسمانییەکان دەگەڕێتەوە سەر ئادەم، ئەزیش لە کنم وایە زوانەکان گشتی دەگەڕێنەوە بان یەک زوان، واتە باوەڕم بە یەکێتیی زوان هەیە!

ئەم پەیڤانەی سەرەوە، گشتی لە فەرهەنگە (کوردی – کوردی)یەکان و (کوردی – بیانی) یەکاندا هەن، لە روانگەی زوانەوانییەوە، فەرهەنگ بەم چەشنەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن، بێگومان بۆچوونی جودایش هەن؛ فەرهەنگ: ئەو کتێبەیە، وشەی تێدا تۆمار دەکرێ، لێی دەکۆڵدرێتەوە، واتای روون دەکرێتەوە، لێکدەدرێتەوە، شیکراوەتەوە، زانیاری لە بارەی چۆنێتیی نووسینیان و درکاندنیان و پەیدابوونیان و تاد... دراوە. زانستەکانی واتاسازی و فەرهەنگسازی و لێکسێکۆلۆجی بەیەکەوە گرێ دەدات. فەرهەنگی زوان: گرنگی بە لێکدانەوەی واتاکانی زوان دەدات، دوو رەگەزی سەرەکی تێدایە، ئەوانیش (وشە و واتا)ن. فەرهەنگی وشەیی: ئەو فەرهەنگەیە، کەرستەکانی بە ریزکردنێکی ئەلفوبێیی رێکخراون، ئەم جۆرە فەرهەنگە لە یەکەکان دەکۆڵێتەوە و رێکیاندەخات، بنچینە و داڕشتەکانی دەردەخات، واتاکەی شرۆڤە دەکات، پەیڕەوێکی تایبەت بۆ رێکخستنی بێژەکان دەگرێتە بەر، پشت بە ریزکردنی ئەلفوبێ دەبەستێ.

فەرهەنگی واتایی: فەرهەنگی واتایی بە ئەلفوبێ پۆلێن کراوە، یەکەکانی بە گوێرەی واتا و بابەتی ئامانجی ئەم جۆرە فەرهەنگانە پۆلێن کراون، بە واتەی کۆکردنەوەی ئەو وشانەی دەکەونە یەک کێڵگەی واتایی، بۆ نموونە: چاندن: کێڵگە و باخچە: زەوی، شتڵ، کێڵان، ئاودان، تۆوکردن. فەرهەنگسازی: لقێکی زانستی زوانەوانییە، گرنگی بە کۆڵینەوەی وشە تاکەکان دەدات، وەک ئامادەباشییەک، شییان دەکاتەوە، لە واتای فەرهەنگییان دەکۆڵێتەوە، پۆلێنیان دەکا، بۆ دانانی فەرهەنگ. بەم پێیەیش روونە واتاسازی و فەرهەنگسازی گرنگی بە واتا دەدەن، بەمەیش واتای فەرهەنگی دەبێتەوە خاڵی هاوبەشی واتاسازی و فەرهەنگسازی. لێکسێکۆلۆجیش بە هەمان شێوە گرنگی بە گەشە و گۆڕانی واتا و واتای وشەکان و ئەو پێوەندییە واتاییەی بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، دەدات.


بە یەک رستە بێخەمی و هیچ لەباردانەبوونی زۆربەی نووسەران و مامۆستایانی کۆلێژەکانی زوان، تایبەت بەشی کوردی دەدرکێنم، بفەرموون سەیری دەرودراسێ بکەن، زۆربەی زوانە زیندووەکانی دنیا (فەرهەنگستان)یان هەیە، ئێمە نیمانە، ئەوە بێخەمی نییە، ئەوە پشتگوێخستن نییە، ئەوە تەنبەڵیی رووناکبیری کورد نییە؟ کە نەتوانێت فەرهەنگستانێ دابنێ و هەموو فەرهەنگە پزیشکی و رووەکی و چی و چی تری تێدا کۆ بکاتەوە؟

کۆتا بڕگەی وتارەکەم لەم دڵۆپە زانیارییەی لە دەریای زوانەوانی و زوانی کوردیدا باسم کردووە، بە تکایەکی کوردانە و مەردانە پایانێی دێنم، تکا لەو خوشک و برا هێژایانەی دەنووسن و نەوەی داهاتوو پێدەگەیەنن، تکایە بەبێ زانست و زانیاری قسە لەبارەی زوانی کوردییەوە مەکەن، نەخاسمە (رێنووس و رستەسازی و لێکسێکۆلۆجی)، هێندەی تێکتان داوە، هێندەی تر مەیکەنە چێشتی مجێور، کورد واتەنێ لێیگەڕێن نان بۆ نانەوا و گۆشتیش بۆ قەساب بێت. تکایە بەرۆکی زوانی کوردی بەردەن. لێیگەڕێن خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا قسە لە بابەتەکان بکەن، لێیگەڕێن با زوانەکەمان پێشکەوێ، با خشتێکی تر بخەینە سەر دیواری ماڵە گڵینەکەمان!



# گەڕەکی قەیرەکچان

ڕەسووڵ سوڵتانی



لە حەوت پیرەکچی ئەم گەڕەکە هەر ئەو مابوو. وای لێهات هەتیوە قۆشمەی گەڕەک هێندەیان بە تەکسی گوتبوو: تا گەڕەکی شۆخان قەیرە بەچەند؟ ئیدی هەموو خەڵکی شار گەڕەکەکەیان بەو ناوە دەناسی.

ئامین خان ناردبووی میوەی بۆ بکڕێ. ئاخر جێژنی لەدایکبوونی بوو. ئەو ڕۆژە ئامین لە دەستەخوشکەکانی خۆی گێڕابووەوە و دنیایەک شتی کڕیبوو. شۆخانی ناردبووە دووکانەکەی هۆگری سالم قەساب و گوتبووی، بە هۆگر گیانم گوتووە میوەی تایبەتیم بۆ دابنێ، ئەمڕۆ Birthday-یمە. ئامین دە ساڵیش بوو لە هۆگر نەبووایە میوەی لە کەس نەدەکڕی. کیلۆی هەزاریشی لە خەڵک گرانتر پێ دەفرۆشت، بەڵام ئامین لچێکی هەڵدەقرچاند و بە حاستەمێک نێوچاوانی تێکدەنا و دەیگوت: گرانیشم پێ بفرۆشێ، وەک شیری دایکی حەڵاڵی بێ. خەڵک بۆ زگیان دێشێ؟

ئەو ڕۆژە تا ئێواریێ هەر چوار منداڵەکەی بە شۆخان شووشتبوو، سەد و بیست فوودانەشی پێ هەڵدابوو. لەو سەدوبیست فوودانەیە سێیان تەقیبوون. لەسەر ئەو سێ فوودانەیە تا نیوەڕۆ بەسەریدا بۆڵاندبوو، هەر جار نە جارێک سەری لەسەر مۆبایلەکەی هەڵگرتبوو گوتبووی: یاخوا کوێراییت دایێ. جا ئەگەر تۆ تۆزێک قابیل و شیاو بوای مێردێکت دەکرد. ئاخر کچێک نەتوانێ فوودانە فوو بدا، چۆن دەتوانێ مێرد بکا؟ ها؟ ئینجا مێردیش بکا، خوا بزانێ چ مێردێک دەکا..

شۆخان گوتبووی: براژن مێردکردن و فوودانی فوودانە چ پێوەندییەکیان پێکەوە هەیە؟

براژنی گوتبووی: دەمت لێکنێ، ئەوی فوودانەی پێ فوو نەدرێ، ناتوانێ مێردەکەشی بە کەر بزانێ. بەڵکوو دەبێتە کەری مێردەکەی و هەر مێردەکەی ئەو بە کەر دەزانێ...

جا پوور فاتم دەیگوت، بەختی دایک جیازی کچانە. دایکیشی هەر وا ماڵوێران بوو. دەستەخوشک بووین. جا ئەودەمی وەک ئێستا نەبوو. زۆر منداڵ بووین کە شەمسەی دایکی ئەو شۆخانە بە هەتیوی و هەناسەساردی کەوتە بەردەستی ژنی عەزە ڕەشی برای. یاخوا کافر نەکەوێتە بندەستی براژن. هەر ئەو تاقە برایەشی هەبوو. پێشتر باوکیان چووبووە ئەودیو و ئیدی ئەو سەرەی بردی نەیهێنایەوە. گوتیان تەماحیان لە گیرفانی کردووە و کوشتوویانە. دایکەکەی لە سوێی عەزە هەر شێت بوو. ساڵی تێوەرنەسووڕاوە، وەرهەمی هەڵێنا و مرد. عەزە باڵی بەسەر شەمسەدا کێشا. بەڵام براژنەکەی نەیهێشت بخوێنێ. گێڕایەوە، گوتی: بەردەستیی من بکا باشترە. ئەوی نان بخوا دەبێ کاریش بکا. جا خوا هەڵناگرێ هەرچی کاری ئەو ماڵە بوو لەسەر وی بوو. قەت نێوچاوانیشی تێکنەنا هەتا خوا دەرگای ڕەحمەتی لێ کردەوە و ڕەشیدی بابی ئەو شۆخانە ڕەحمەتییە خواستی. ڕەشید دوو ساڵ بوو ژنەکەی خۆی لەسەر منداڵ چووبوو. دایکی گوتبووی ڕۆڵە ژن بێنەوە، من پیر بووم هیچم پێ ناکرێ. ژنێک بێنە با ئێواران نانێکی گەرم بخۆی. ڕەشیدیش پاش بەسێی خێزانی سوێندی خواردبوو، گوتبووی تا دایکم بمێنێ هەر خۆم خزمەتی دەکەم و ژن ناهێنمەوە. چونکە دڵنیام کەس وەک بەسێ دڵی دایکم ڕاناگرێ و تۆقیوم لەوەی ژنێک بێنم و لچی لە دایکم هەڵقرچێنێ و دڵی دایکم بشکێنێ. ئیدی زۆری نەبرد دایکیشی مرد. ڕەشید سێ چوار مانگ هەر وەک شێتانی لێهاتبوو. خەڵک دەیانگوت: ئەو هەتیوە ژنەکەی بە منداڵەوە مرد، هێندەی دایکیی خەم نەبوو. قەت شتی وامان نەدیتبوو. کە وردە وردە هاتەوە سەرخۆ، ئیدی خێرخوایەک پێی دەڵێ: بۆ کچەکەی شەمسە ناخوازی. بۆیە کە ڕەشید هاتە خوازبێنیی شەمسەی دایکی ئەو شۆخانە، نەیگوت نایکەم. براژنیشی خواخوایەکی بوو لەکۆڵی بێتەوە، ئەگەرچی دەیگوت ئەو بڕوا کەس نییە ئەو کارانەم بۆ بکا. ڕەشید ئەودەم یەکی بەژن و باڵا جوان بوو. ڕێکپۆش و دڵتەڕ. هەرچەندە مەرگی دایکی و ژنەکەی تۆزێکیان کار تێکردبوو. بەڵام ئیدی هەروا دڵتەڕ مابوو. کە شۆخانیان بوو، ئەو ڕەشیدە دەتگوت تاجی پادشایەتییان لەسەر ناوە. بڕوات بێ دە ساڵ پتر گەنج ببووەوە. بە ڕەحمەت بێ ئەو شۆخانە هەتا گەنج بوو، ئەوەندە جوان بوو لەسەر چاوی کوێرت دانابایە ڕوونی دەکردەوە. ئیدی وایە زەمانە بەزەیی نییە. هەر من دەزانم چەندە داخوازیی هەبوو. خۆ ئەو بابانوێرانە بە کەس ڕازی نەدەبوو. بەو خوایەی باوەڕت پێیەتی، ئاسۆی پیرۆتە ڕەش خۆی هاتە لای من گوتی: شۆخان پێم قایل بێ، ناڵچەیەکی کەوشەکەی بۆ دەکەمە زێڕ و ئەوی دیکەی زیو...

بە ئێستای نەبێ ئەو سەربەهەشە گوتی: ئەیەڕۆ ئاسۆ گوێ زل... من مێرد بەو بکەم؟

ئەوەندەی من بزانم بە بژاردن، زیاتر لە سەد کەس داوایان کرد... بە یەکی گوت لووتی زلە... یەک پشتی کوورە، یەک زێڕم زۆر بۆ ناکڕێ. هەر یەکە و بیانوویەکی لێ دیتنەوە. زۆریش خەتای خۆی نەبوو. دەستەیەک بوون هاوتەمەن بوون. هەموویان ئاوا قەیرە کەوتنەوە. کوڕێک بەو کۆڵانەدا ڕابوردبایە، بە قاقاکێشان شێتیان دەکرد. جارێکیان پێمگوت: شۆخان، کچی خۆم، هەموو ڕۆژێ کەڵ نامرێ کفتە بە دینارێک بێ... هەر وەخت بوو حەیام بەرێ. ئەو دەم دایکی مابوو. قەڵاکەی نەڕووخابوو. جا با ئەوەشت بۆ بگێڕمەوە، پار تازە ئەو ئینتەرنێت و شتانەی دەڵێن داهاتبوو. ئەوەی ئێستا ئەو هەتیوەمەتیوانەی من تا بەیانی هەر سەیری شت و متی پێ دەکەن و ناخەون. کوڕە شتی زۆر سەیری پێ دەکرێ. بە خوای، پوورم ماڵی لە خاریجە. بیست ساڵیشە گوێم لە دەنگی نەبووە. بەو ئینتەرنێتە قسەم لەگەڵ کرد، هەر دەتگوت لێرە دانیشتووە و قسە دەکا. هەر قسەکردن نا، بۆخۆشی دیار بوو. چەندە شتێکی باشە، خۆزگە سەردەمی ئێمەش هەبایە. خۆ بە ناشکوری نەبێ ئەودەم هیچ شتێک نەبوو... جا ئەوەم بۆ دەگێڕایەوە، شۆخان بە ڕامانی کوڕمی گوتبوو: وەرە مۆبایلێکم بە دزیی براژنم کڕیوە. بزانە ئینتەرنێتم بۆ لێ نابەستی. دەمەوێ فەیسبووک دابنێم. ئەوە ڕامان دەیگێڕاوە. خۆ من نازانم ئەو شتانە چین. چووبوو بۆی دانابوو. براژنی دوای سێ چوار ڕۆژان بەسەریدا دەچێ. بوو بە هەرا و جەنگی مەغلووبە. هەر مەپرسە چیی لەو کچە داماوە کرد، هەرچی ناونیتکەی دنیایە لەو کچەی هەڵدا. دەیگوت: ئەوە کچەتیوە ترشاوە، تۆش فەیسبووکان بەکاردێنی؟ ئەوە خەریکی بەسەری پیری دەچیە بەر هەویری؟...

**

کاتێک خەبەریان بۆ ئامین هێنابوو گوتبوویان شۆخان بەر ترۆمبێل کەوتووە، گوتبووی: ئەیەڕۆ ئەو دێڵە سەیە میوانییەکەی لێتێکدام !


ئەمڕۆ لە پرسەکەدا دەیگوت: ئەو حەکەدارە لە سوێی مێرد ئاگای لەخۆی نەمابوو بۆیە ترۆمبێل لێی داوە. داخوا چاوی لە چ پیاوێک بووە یان بیری لە چ کوڕێک کردووەتەوە و لە خەیاڵیدا دێتە خوازبێنی. ژنان گوتبوویان کچێ ئامین خان، ئەوەتا پۆلیسیش دەڵێ کابرا سەرخۆش بووە و زۆریش خێرا ڕۆیشتووە، بۆچی بوختان بەو بێمرادە دەکەی.

گوتبووی: ناهەقم نییە، ئەو گۆڕبەگۆڕە میوانییەکەی لێ کردمە ژەهری مار. هەر جارێکی دەمنارد شتێک بکڕێ، یان کە پێم دەگوت جلی ئەو منداڵانە بگۆڕێ یان حەمامێکیان پێ بکا، پڕدی سیڕاتی لێ دەپسا....

# مردنێک شایستە بە ئەقڵم

ڤینۆس فایەق





با دەموچاوم
لە نێو دەستوپلی خۆرێکا تێر بشۆم
بەناو بێخی سەری شیعرێکا
کەمێ پیاسە بکەم
لێرە لەم دووڕیانی نزاکردنەدا
لێمگەڕێن ئێوارەیەک
لەگەرووی پەلکەزێڕینەیەکەوە
سەردەرکەم و
بۆ جارێکی تر ڕۆحم تەسلیمی نەسیمێک بکەم
بە لەنجەولار، بەبەر هەیوانی
پێکەنینێکا تێپەڕێت و
قومێک بەختەوەری هەڵدەم
ژیان، کە بەبێ پرس هاتە گیانمەوە
دەبێ مردن لەگەڵم بژی
من کە ئێستا نوورێک لە هەناومەوە
سەردەردەکات
دەبێ بە ئارەزووی خۆم
لەگەڵ مردن رابێم

هەموو شەوێک خەو بە خۆمەوە دەبینم
خەون بە منداڵێکەوە خۆی لەباردەبات
شەقامێک لە ژێر پێی بارانا خۆی دە خنکێنێت
خەون بە حەوشەکەمانەوە دەبینم
لەتاو دەنگی جریوەکانی عەیامی دڵپاکیدا
گڕ لە خۆی بەردەدات

خەون بە باپیرمەوە دەبینم
شەتڵی گوڵاڵەسوورە دەنێژێت
بەهار قەزوان دەچنێتەوە
کە مردیش باپیرم تەزبیحەکەی لە ملیدا بوو
دەنکە قەزوانەکان بە کوڵ دەگریان
گوڵاڵە سوورەکانیش ئاڵتر دەچوونەوە

کە بوارم نابێ هاوار بکەم،
دەچمە ژوورەوە و
لە قەسیدەیەکدا پەنجەرەیەک دەخەمە سەر پشت و
هەرچی ڕەنگەکانە تێکەڵیان دەکەم و
ئاوازێکی سەوز ئەژەنم
ئیتر ژیان ئەمەشی تێدەکەوێت

سەر ئەنێم بە خۆرەوە و
ئەم نیشتیمانە دادەکەنم
منی ئاسنین
بەسەر ئەو هەموو ئاگرەیا

ئەم خەراباتە بۆ کوێ بپەڕێنمەوە؟
ئەو هەموو کاولەیە بەچی ئاوەدانکەمەوە؟

لەوبەرەوە
گەیشتن لە خۆم ئەتەکێنم
کۆتایی بە سەردەمی وتن ئەهێنم
بیستن ئەسوتێنم

سەما ئەکەم، تەنها سەما
تەماشا ئەکەم تەنها تەماشا
هەتا دەبم بە خۆڵەمێش و
ڕۆحم دەردەچێ و
ئەم نیشتیمانەم بیردەچێتەوە
مردن ئەکوژم

بەپێی پەتی
هاتنێک بۆ ناو قوماتێک
ڕێک لە کفن دەچێت
بە پێی پەتی
ڕۆشتنێک لەناو کفنێکا
ڕێک لە قومات دەچێت
سەبەتەیەک پێکەنین و
ئاگردانێک گریان
ڕاکردن و گەڕانەوە
هەڵنوتان بە ماناکانی ژیان
بێداربوونەوە لە درۆیەکی گەورە
ئیتر ئەوەیە ژیان

بەیەک ژیان قایل دەبم
ئەگەر تۆی تیابیت
هەزار مردن بەشم ناکات ئەگەر
خۆری عومرم دوور لەتۆ ئاوابێ

لەتاو هیجرانت
گلەیی لە ڕەشەبای کین ناکەم
زریان و گەردەلوولیش نەیاندەبردیت
گەر خۆشت بویستابام

کە بینیت بێدەنگم
بزانە دڵم لە خەم سیخناخە
کە پێدەکەنم، بزانە درۆیەکی گەورە دەکەم
تەنها نامەوێ بزانی
چەند دڵم تەنگە

کە بیرت دەکەم
لەسەر دیوارێکی مۆن
وێنەی پەنجەرەیەک دەکێشم
لەودیو شووشەکەوە

دەموچاوت دەبینم

لەسەر دووڕیانی ئەو هەموو هیوایەدا
ئەو هەموو قسەوقسەڵۆکانە لەخۆم لەباردەم
دەموچاوم خڵتانی زەمەنێکی پەمەیی دەکەم
لە عەدەمەوە شانم ڕاست دەکەمەوە و
قژم بەرانبەر بە ڕەشەبایەکی تووکن شانە دەکەم
لێمگەڕێن با خۆم بم
بەبێ ڕتوش
بەبێ دەنگەدەنگ
بەبێ هاتوهاوار
بەبێ باقوبریق
لێمگەڕێن سەرقاڵی خۆم بم
بەکتریاکانی شەرەف دەکوژم
میکرۆبەکانی پیاوەتی سەردەبڕم
هیچ شتێک ئەمڕۆ هێندەی ئەوەی کە خۆم بم
سپی ناچێتەوە
هیچ شتێک ئەمڕۆ هێندەی خۆم
شایستەی ئەم دانیشتنە نییە
بەرانبەر بەو تۆزە جوانیەی ناو ئەو هەموو ناشرینیە

دەبا بە دڵی خۆم لەگەڵ باران لەدایکبمەوە
دەبا بەدڵی خۆم
جەستەم لە دەنگتان پاککەمەوە
ڕۆحم لە هەناسەتان ڕووتکەمەوە
با بەدڵی خۆم بە ژێر خۆرا پیاسە بکەم
بە ئارەزووی خۆم لەگەڵ مانگ دڵداری بکەم

لێمگەڕێن با لەپەنا جۆگەلەیەکا
خۆم بۆ ماسیەکان ڕووتکەمەوە
هەموو بەختەوەریم بکەمە چنگی بۆقێکی
سەوزی ئێجگار سەوزەوە
ئێستا ئامادەم بۆ دواجار بە دڵی خۆم لەدایکبمەوە
بە دڵی خۆم پێستم لە شاتە و ڕەخنەکانتان بکڕێنم
ئامادەم بمرم،
ئێستا ئامادەم بمرم
مردنێک شایستە بە خۆم
شایستە بە ئەقڵم


بابەتەکانتان بۆ ئەم ئیمەیڵە بنێرن: salam@rudaw.net